دەرهێنەری تۆماری

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: کاروان محەمەد-زانکۆی سلێمانی

جیاوازی لە نێوان دەرهێنەری فیلمی ریوائی و دەرهێنەری فیلمی تۆماری لە چەندین لایەنەوە هەیە، بە تایبەتی لە بواری پرۆسێسی بەرهەمهێنان و دەرهێناندا.. یەکەمیان؛ دراما بە شێوەی توخمێکی درامیانە بەکار دەهێنێت.. دووەمیان؛ ژیانی رۆژانە بە شێوەی درامیانە بەرجەستە دەکات و پشت بە هیچ نووسراوێکی دانراو نابەستێت، بەڵام دەرهێنەری بواری ریوائی بابەتێکی نووسراوی ئامادەکراوی لەبەر دەستدایە لە سەر شێوەی دیمەن و گرتەی ئامادەکراو لەگەڵ دیالۆژو جووڵەی دانراو بۆ یەکە هونەرییەکان.. کە ئەکتەر هەڵدەستێت بە ئەداکردنی، ئەمەش کەشێکی دروستکراوی واقیعی لە خۆ دەگرێت و پشت دەبەستێت بە جیهانێکی خەیاڵی دروستکراو بە پێچەوانەوە دەرهێنەری فیلمی تۆماری رۆمانێکی دانراوی لا نییە، بەڵکو هەندێک زانیاری دەربارەی بابەتەکە لایەو دیمەنەکانی سروشتی و ئاسایین و دەستکرد نین و کاری نواندن تێیدا دووبارە نابێتەوە، بەڵکو زۆربەیان گوێرایەڵی نین و پەیوەست نین بە ئامۆژگارییەکانی دەرهێنەرەوە، ئەوەی گرنگە وەستانە لەبەردەم کامێرادا بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆ بەدەستهێنانی ئەو وێنەیەی سەرنجی خەڵکی رادەکێشێت. هەموو ئەمانە وا لە کاری فیلمی تۆماری دەکەن ئەنجامدانی زۆر گرانبێت و جۆرێك لە روو بە روو بوونەوەو کێشەی تێدا بێت، کە دەرهێنەری فیلمی ریوائی لەم گرفتانە بەدەرن. لەگەڵ ئەمانەشدا فیلمی تۆماری لە لایەن کۆمەڵەوە ئەو روانین و گرنگییەی نییە بە قەد ئەوەندەی کە فیلمی ریوائی هەیەتی، ئەمەش لە بەرهەمهێنان یان نمایش کردندا بێت، فیلمی تۆماری بۆ مەبەستی پروپاگەندە یان فێرکاری یان رۆشنبیری بەرهەم دەهێنرێت و دەستکەوتی مادیی تێدا داواکراو نییە.

جگە لەمانەش بە شێوەیەکی گشتی هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت هەیە دەبێت لە دەرهێنەری تۆماریدا هەبێت؛

یەکەم: دەبێت بڕواییەکی تەواوی بە کارەکەی هەبێت، لە چوارچێوەی سینەمای تۆماریدا بە هەموو گرانی و کێشەکانییەوە..

دووەم؛ دەبێت ئامادەباشیی تێدابێت بۆ بەرگە گرتنی هەموو ئەو وێنانەی بابەتەکەی پێچەوانەی روانینی کۆمەڵگایەو روو بە رووی تان و کێشە دەبێتەوە، کە روانینی کۆمەڵ بۆ فیلمی ریوائی بە بەراوردکردنی لەگەڵ فیلمی تۆماری بە ناوبانگتر و گرنگییێدراو تره.

هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەرهێنەری فیلمی تۆماری، بەرجەستەکردنی بەها جوانکارییەکانی فیلمە بە کەمترین بودجە، بەرهەمهێنانی بۆ مەبەستی سوود و قازانج نییە.

کاری بەرهەمهێنانی فیلمەکەش لە لایەن شوێنی دەزگا گشتییەکانی حکومەت یان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، مەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو و گەیاندنی نامەیەکە بۆ بینەران و پروپاگەندەیەکی فێرکاری نوێی لە پشتەوەیە.. هتد. لایەنێکی تری جوانکاریی، فیلمی تۆماری، بە هیچ شێوەیەك نابێت زیادەڕۆیی تێدابێت و دەرهێنەر فیلمێکی چڕوپڕ دروست بکات و جێی سەرنجی خەڵکی بێت.

هەروەها سەرەتایەکی گرنگی ئەرکی دەرهێنەری فیلمی تۆماری لە یەکەم ساتی ڕێکەوتن لەسەر بیرۆکەی فیلمەکەوە پێش دەستکردن بە نووسینی سیناریۆ دەستپێدەکات. کە هاوبەش لە قۆناغی نوێکردنەوەی زانیاری و قۆناغی نووسینی سیناریۆ دەکات، دواتر چارەسەری کۆتایی و سیناریۆی جێبەجێ کردنی روونکراوەی هەموو دیمەن و گوتەکانی فیلم لە خۆ دەگرێت، بەڵام راستییەکی زانستی هەیە پەیوەستە بە فیلمی تۆمارییەوە و کارێکی گرانە دەرهێنەر پەیوەست بێت بە نووسینی سیناریۆی جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی فیلمی تۆماری روو بە رووی واقیع و راستییەکان دەبێتەوە، هەر وەکو ئەوەی لە سروشتی ژیاناویدا هەیە، واتە تیمی کاری فیلمی تۆماری لە سەرروو هەموویانەوە دەرهێنەرە دەچێت بۆ لێکۆڵینەوەو گەڕان بە دوای رووداوە راستییەکانداو تۆماری دەکات لە ساتی وێنەگرتندا کارە گرنگەکان ئەنجام دەدات. ئەمەش پێچەوانەی دەرهێنەری فیلمی ریوائییە، کە وێنە گرتنی گرتەکانی فیلم بە زۆری لە ناو ستۆدیۆدایەو دیمەنەکان بە پێی رووداوەکانی نێو رۆمانەکە دیمەن و گرتەکان و شێکردنەوەی جووڵەو هەموو روونکراوە هونەرییەکانی بە پێی دیمەنەکان لەخۆ دەگرێت، بۆیە سیناریۆی جێبەجێکردن لەو کاتەدا دەبێتە نموونەیەك بۆ راییکردنی دەرهێنەرو مۆنتێر. ئەمەش بە درێژایی ماوەی کاری جێبەجێکردن دەرهێنەری هێڵی گشتیی کارەکەی لە سەر بنیات دەنێت و بە هەمان شێوە مۆنتێر.. بۆیە کارێکی گرانە نووسینی سیناریۆ لە کاتی وێنەگرتندا، بەڵام دەکرێت سیناریۆ چەندین گۆڕانکاری و هەموارکردنی تێدا ئەنجام بدرێت.

بوونی سیناریۆ هاوسەنگییەك لە نێوان گۆڕانکاری و بەشەکانی تری فیلم دەکات، کە ئەو گۆڕانکارییە لە هەندێك شوێندا شێوەیەکی نوێ دەدات. واتە بوونی سیناریۆ پێش وێنەگرتن ناوەرۆکێکە بۆ دەرهێنەر کە هەمیشە پارێزگاری لە هاوسەنگیی گشتیی فیلم دەکات، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی گۆڕانکارییەکانی تێدا ئەنجام دەدات لە کاتی وێنەگرتندا.

ئەمەش یەکێکە لە کارامەییەکانی توانای دەرهێنەری فیلمی تۆماری کە بە شێوەیەکی هونەرییانە بتوانێت پارێزگاریی لە سەر هاوسەنگیی فیلمەکە بکات و نەهێڵێت شێوەی گشتیی فیلمەکە بگۆڕێت. بۆیە دەرهێنەری بە توانا دەتوانێت هەمیشە پارێزگاری لەو ریتمی کارکردنە بکات لە پراکتیك نەخشەی دەکێشرێت و ئەکتەری بەناوباگ هەڵدەستێت بە ئەدای کەسایەتییەکان و هەموو کارەکان بە پێی داخوازیی رووداوەکان دەبێت و دەرهێنەر بەرجەستەی دەکات. ئەم کارە پێچەوانەیە لای دەرهێنەری فیلمی تۆماری کە مامەڵە لەگەڵ رووداوی راستەقینەو خەڵکی ئاسایی لە ژیانی راستەقینە دەدات و پێشتر پێشبینیی تێدا ناکرێت، هەموو کارەکان لە شوێنی وێنەگرتن ئەنجام دەدرێت و کوتوپڕیی تێدایە. لەبەر ئەوەی سینەمای تۆماری بە درێژایی ژیانی پێشتر پێشبینیی هەموو شتەکانی ناکات، بەڵکو راستەوخۆ لە واقیع و شوێنی ژیارە گشتییەکان بەرجەستە دەکرێت، هەندێك پرسیارمان لێدەکەن: کەواتە بۆچی سیناریۆ بنووسین مادام هەموو شتەکان لە کاتی وێنەگرتندا دەگۆڕێت..؟

ئەوەی زانراوە، فیلمی تۆماری کۆمەڵێك زانیاری لە خۆ دەگرێت و دواتر کۆ دەکرێتەوەو لێی هەڵدەبژێردرێت و ڕێکدەخرێت، چارەسەری سەرەتایی بۆ دەکرێت، بۆیە چارەسەری کۆتایی یان سیناریۆی جێبەجێکردن مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیارییە هەڵبژێردراوانە دەکات، کە بە شێوازێکی سینەماییانە نمایش دەکرێت یان دابەشدەکرێت بۆ کردنی لە هەموو فیلمێکدا، ئەمەش گرنگییەکی قورس وگرانە، بەڵام دەرهێنەری کردە هەمیشە دەتوانێت بەسەر ئەو لایەنانەدا زاڵبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هۆکاری خودی کەسایەتیی دەرهێنەر لە کاری هونەرییەکەیدا.

هەروەها کاری داهێنەرانەی دەرهێنەری فیلمی ریوائی لە بواری چارەسەرکردنی فیلمدا دەردەکەوێت. کاتێك لەسەر شاشە بەرجەستە دەبێت و هەموو رەگەزەکانی فیلم ئەندێشەیین و ئەوانەی پەیوەندیی بە خەڵك یان شوێن یان رووداوەوە بێت، بەڵام بە دیدێکی هونەریی دروستکراو بەرجەستە دەکرێت. ئەمە پێچەوانەیە لای فیلمی تۆماری کاری داهێنان جیهانێکی تۆمارکراوی راستەوخۆی ئەو رووداوانەیە لە بنەڕەتدا کە لە جیهای واقیعیدا بوونی هەیە، بەڵام مەبەستی تەنها تۆمارکردنی واقیع و راستییەکانی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەو مادە خاوە دارشتنێکی نوێی هونەرییانە پێکدەهێنێت بە دەربڕینێکی جوانکارییانە، ئەمەش لایەنێکی داهێنانە لە فیلمی تۆماریدا، هەر وەك پێشڕەویی سینەمای تۆماری جیهانی جون جریرسون پێناسەکاری دەرهێنەری فیلمی تۆماری دەکات، بەوەی چارەسەری خولقێنەری واقیعییەو سینەمای تۆماری چارەسەری واقیعییەو ئەو بابەتییەو چارەسەرکردنێکی خولقێنەرانەیە، ئەوەش لایەنێکی خودییە لە سینەمای تۆماریدا، بۆیە جون جریرسون دادەنرێت بە دەرهێنەری تۆماری، کە هێزێکی داهێنەرانەیە بۆ کاری هونەری.

دەرهێنەری تۆماری بەو شێوە هونەریکردنە لە بەدەستهێنانی دیدگاکانی هەوڵدەدات بۆ رازیکردنی خود لە بەکارهێنانی بەهرەکەیدا سەپاندنی کەسایەتییەکەی لە کاتی چارەسەرکردنی بابەتێکی فیلم، پێویستە دەرهێنەر هەموو دیدگاکانی بیر لە خزمەتی بابەتەکەیدا بێت، هەمیشە لە روانینی دیدگاکانییەوە هەوڵبدات خود لە پێناوی بابەتەکەدا بێت و چارەسەرێکی گونجاو بۆ دەرخستنی بابەتکە بێت و روانینێکی هونەریی باش بەدەستبهێنێت، هەروەها شتێکی گرنگ ماوە ئەویش دەرهێنەری فیلمی تۆماری جیهانیی تایبەتی دیاری هەیە لێرەدا چەند دەرهێنەرێکی گەورەی تایبەتمەند لەو جۆرە فیلمانە هەن کە ناوبانگێکی جیهانیی گەورەیان بە دەستهێناوە وەك: فلاهرتی، جریرسون، فیرتۆف، کافالکانتی، سەعید نەدیم..هتد.

هەروەها دەرهێنەرێنانی فیلمی تۆماری، تەنها ڕێگاچارەیەك نییە بۆ دەرهێنانی فیلمی ریوائی، ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە کارکردن لە فیلمی تۆماریدا دەرهێنەری ریوائیی چاك دروست دەکات، پێچەوانەکەی ڕاست نییە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کارکردن لە سینەمای تۆماریدا کارێکی ئاسان نییە وەك لە لای هەندێك وایە، بەڵکو کارێکی گران و ڕێگایەکی سەختە..

سەرچاوە: الفيلم التسجيلي، محمود سامي عطاالله، الهيئة المصرية العامة

*وتەی لاپەڕە

بانکی سیناریۆ

بانك وەك تایبەتمەندیی خۆی ئەرکی پاراستن و هەڵگرتنی شتێکی نەختینەی هەیە، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، هاووڵاتیانی وڵاتی ئێمە، کەم تا زۆر ئاشنایەتییان لەگەڵ وشەی بانکدا هەیە، جا بانکی پارە بێت یان بانکی کشتووکاڵی یان بانکی خوێن..هتد. بانك هەیە بۆ زۆر شت، کەچی تەنها بانکێك بۆ کارە هونەرییەکان نابینین.

بەدرخان لە مێژە بیری لە دانانی بانکێك کرد بووەوە بۆ سیناریۆ، پاشان بە گفتوگۆو وەرگرتنی بیروڕای کۆمەڵێك لە هونەرمەندو سیناریست، بڕیاری دا کە بانکی سیناریۆ دابنرێت..

لێرەوە بەدرخان دەرگای والایە بۆ وەرگرتنی سیناریۆکان، (کورت و درێژ) و سیناریست دەتوانێت سیناریۆکانی لە بەبانکی بەدرخاندا بپارێزێت و دەرگای کتێبخانەی بانکیش ئامادەیە بۆ ئەوەی هەر دەرهێنەرێك لە ناوەوە یان لە دەرەوە سیناریۆکان بخوێنێتەوەو کاری تێدا بکات، بەڵام بە ئاگاداریی سیناریست و بەدرخان، کە ئەمانەش بە بەڵێننامە دەکرێت.

هەروەها وەکو لاپەڕەی هونەری حەوتەم هەوڵدەدین هەر جارەی سیناریۆیەکی کورت دابەزێنین، بەو هیوایەی کە ئەم بانکە کەلێنێك پڕبکاتەوە.. بۆ مێژووی هونەری کوردیش سیناریۆکان پارێزراو دەبن، هەر وەك چۆن بەدرخان خاوەنی کۆمەڵێك لە ئەرشیف و دۆکیومێنتی بەدرخانییەکان و سەرەتاکانی رۆژنامەوانیی کوردییە، بەو ئومێدەی بشبێتە خاوەن بانکێکی دەوڵەمەند لە سیناریۆکانی ئەم سەردەمەی هونەری کوردیی.

چاوەڕوانی ناردنی سیناریۆکانتانین، لەگەڵ وەفاداریمان بۆ خزمەتی هونەری کوردیی.

بنەما کولتوورییەکانی هونەری کوردی و مەهزەلە و مەخسەرەی سینەمای کۆمێدیی کوردی

محەمەد سابیر ٣-٣

ئا لێرەوەو بە وەستان لە سەر راستیی ئەو دیدو بیرکردنەوانەی هەردوو ژمارەی رابردوو دەگەینە ئاخاوتن لە پنتێکی گرنگی ئەم نووسینەمان، ئەوەی کە چۆن هەلومەرج و ئەوزاعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە-هەروەها ئابوورییەکەش-رۆڵی زۆر سەرەکییان دیتووە لە واقیعی پێکهات و دارشتەبوونی سترەکتووری هونەرمەندانی ئەم بوارە، بۆ هۆردووك سەردەمەکە، لێ بە جیاوازو بە دوو ئاراستەی جیاوازدا، ئەوەتا لە قۆناغی یەکەمدا هەم روناکبیرانی ئەو بوارە زیاتر خەریکبوون بە نووسین و دانانی دەقگەلێکەوە کە بەرجەستەکەری هەلومەرجە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا بووە لە رەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، هەمیش کارەکتەرو دەرهێنەرانی ئەو بوارە هونەرە زیاتر رووبان لە هەڵسوکەوت و پەیوەندیی تۆکمەو جیدیانەی هۆشیارمەندانەدا بووە دەگەڵ ئەو دەقانەی کە بنەڕەتیانە گوزارشتلێکەری ئەو رەهەندانەی کۆمەڵگا بوون، بەڵکو هونەرمەندانی ئەم بوارە زۆر جار هێند هۆشیارانە وەك هونەرمەندێکی رۆناکبیر لە ناو کایە هونەرییەکەی خۆیاندا کاریان کردووە، کە زیاتر لە تێکۆشەرێکی سیاسیی نێو شارەکان و تێکۆشەرێکی چەکداری شاخ، رۆڵیان هەبووە لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ململانێی نێوان (ئەو)ی داگیرکەرو سەرکوتکەرو (ئێمە)ی بندەست و سەرکوتکراودا. نموونەیەك لێرەدا کە زۆر جێگای خۆیەتی شانۆگەریی (گوڵە مێخەك)ە، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا و لە سەر شانۆی (ئامادەیی سەلاحەدین)ی کوران لە سلێمانی نمایشکرا، چۆن لە رۆژانی سەرەتای پێشکەشکردنیدا، جەماوەری بینەری هێنابووە خرۆشی شۆڕشگێڕیی و بەرخۆدان..

کەواتە ئەو هەلومەرجە مادی و بابەتییەی کۆمەڵ، بە هاوکۆکی و هاوتەریبی دەگەڵ رەوتی سیاسەتی زاڵی کۆمەڵگادا، کە ئەگەر چی بە روخساریش رەوتێکی بەرپەرچ و بەرهەڵستکاری (بەرامبەر) بووە، سەرەنجام ئەم حاڵەتە کولتوورێکی بەرپەرچ و رادیکاڵی دەرهاویشتەو بەرهەمهێناوە، ئەم کولتوورەش کاریگەریی راستەوخۆی کردووەتە سەر هونەری ئاماژە بۆ کراومان وەك لە قۆناغی دووەمدا، بە هۆی ئەوەی کە هەلومەرجە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ تاڕادەیەکی زۆر بەرەو رووی وەرچەرخان و گۆڕانێك بوونەتەوە کە لە زۆربەی بوارەکاندا، رەگی و کۆدێتا ئامێزانەیە، ژبەر هەندێ دەبینین کە لەم قۆناغەدا بە ساتە وەختی ئێستاشەوە، نە ڕەوتی سیاسیی زاڵی کۆمەڵگا، رەوتێکی بەرپەرچ و بەرهەڵستکارو رادیکاڵە-بە نێوەرۆکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەو بە نێوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەش-و، نە کولتوورێکی بەرپەرچی رادیکاڵیش، دەرهاویشتەو باندەستە. ئەمەش لە واقیعدا رێك بووەتە هۆی بەدیهاتنی ئەو وەرچەرخان و کۆدێتا نێگەتیڤی و شوومە بە سەر هونەری سینەما و شانۆی کوردیی ئەم قۆناغەماندا، کە لێرە بە دوا راستەوخۆ دێمە سەر ئاخاوتنی..

یەك راستیی گرنگ کە لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردیی ئەم قۆناغە، وەك چوارچێوەیەکی گشتی-بە تایبەت لە ئاستە سیاسییەکەدا-هێند جوودا نەبووە لە قۆناغی یەکەم، لەوەدا کە کوردان بە ئێستاشەوە سەرکەوتوو نەبوون لە بەدیهێنانی ئامانجی لە مێژینەیان لە رزگاری و سەربەخۆیی سیاسیی تەواوەتی، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەم قۆناغە هەر دەگەڵ هاتنیدا، خاوەنی گۆڕانکاری و کۆدێتایەك نیمچە رەگی بووە لە ئاستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەدا، کە بە دوای خۆیاندا، ئاستە شارستانی و ژیاری و کولتوورییەکەی کۆمەڵگاشیان گرتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو کۆدێتا و گۆڕانکارییە بە ئاراستەو بارە پۆزەتیڤ و پێشکەوتووەکەدا نەبووەو نییە، بەڵکو رێك بە پێچەوانەی ئەوەوە، ژبەر هەندێ دەبینین کە گەوهەری تراژیدیا و کارەساتەکە، ئا لێرەوە دەستپێدەکاتن. ئەم حاڵەتە نێگەتیڤ و دارماوییە، بە گوڕو هێزێکی توندەوە بارە کولتوورییەکەی گرتەوەو دەگەڵ خۆدا لوولداوە، بە تایبەتیش ئەوەی کە جێباسی مەیە لێرەدا، هونەری سینەما و شانۆی کوردیی، بەڵگەی راست و روونی ئەوەش هاتنە خوارەوەی کێرڤی ئەو هونەرەیە لەم قۆناغەدا بۆ ئاستێك کە زۆر لە خوار سفرەوەیە.

بەم شێوەیە، دەبینین لە جیاتی ئەوەی ئەم قۆناغە نوێیە کە لە رەهەندو پانتاییە جیهانییەکەیدا پێشکەوتنی لە بەرچاوی لە زۆر جێگادا بە خۆوە دیتووە، لەم کەنارەی پانتایی کوردییدا، هێند دابەزیوەتە خوارێ کە تەنها ئەوە هەڵدەگرێت بە مەهزەلەو مەخسەرە ناوزەدی بکەین و دیاریی بکەین. کە ئەوەش پێچەوانەی رەوت و رەوڕەوە لۆژیکییەکەی گەشەو پەرەسەندنی کولتوورو فیکری مرۆڤایەتییە، بە تایبەتیش کولتووری هونەریی.

دیارە ئەوە ئیتر حاڵەتێکی سروشتی و لۆژیکی دەبێت کۆمەڵگایەك کە سترەکتووری کولتوورو فیکری بە بنبەست و داخزانی سامناك و بەربادانە بگات، کۆمەڵگایەك کە باشترین حاڵەت و تەرزی پێشکەوتن و گەشەی کولتووری و فیکریی تەنها لە وەرگێڕانی (هی تر)دا بگرێت-ئەویش لە ئاستێکی سنووردارداـ ئیتر دەبێت چ ئاسۆیەکی گەش لە پشت واقیعی رەوتە هونەرییەکەوە ببینرێت..؟ باشترین بەڵگەی ئەو راستییەشمان لەوەدایە کە بە درێژایی دەهەیەك زیاتری سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە نوێیە کە ئێستاش بەردەوامە، تەنها دوو بەرهەمو کاری شانۆییمان هەیە، کە خەسڵەت و سروشتی ئەرێیی و پێشکەوتن گەراییان تێدابێت، دوو بەرهەم بە تەنها کە بنەما و پایەیەکی کولتوورییان هەبێت، یەکەم؛ شانۆگەریی (رۆژژمێری براکان) کە لە نووسینی برای روناکبیر کاك (بەرزان فەرەج) و دەرهێنانی هونەرمەند (کامەران رەئوف) و لە بەهاری (١٩٩٨)دا لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە سلێمانی نمایشکرا، کە بە داخەوە (١٣) رۆژ زیاتر نەتوانرا پێشکەشکردنی بەردەوامبێت لەبەر کەمیی مەرگەساتباری ژمارەی ئامادەبووانی.. ئەوە لە کاتێکدا کە بەرهەمە بەربادو دارماوەکان، (٤-٥) مانگ پێشکەشکردنیان بەردەوامە، وەك شانۆگەریی (.....و .....). بەرهەمی دووهەمیش کە بە دوای ئەو بەرهەمەدا دێت بریتییە لە شانۆگەریی (وڵاتەکەم) کە لە زستانی (١٩٩٧)دا لە هۆڵی (راپەڕین)ی زانکۆی سلێمانی پێشکەشکرا.

ئەگەر بێینە سەر ئاخاوتن لە بەرهەمە کۆمێدییە سینەمایی و شانۆگەرییەکان، ئەوا بە راستی دەبێت تەنها ئەوەندە بڵێم کە ئێمە واین لە بەردەم کێوێکی گەورە لە کارەساتو دارماویدا لە بواری ئەم فۆرمە لە هونەری کوردیدا، بە جۆرێك ئەم میتۆدە لە بیرکردنەوەو تێڕوانین تەنانەت یەك بەرهەمیش بەدی ناکات، لەم بوارەداو لەم ماوەیەدا-قۆناغی دووهەم-کە هی ئەوەبن وەك کارو بەرهەمگەلێك پۆزەتیڤ ریزبەندو دیاریبکرێت..!!؟. لێرەدا نایشارمەوە کە زۆر هەوڵمدا لە سەر بەرهەمگەلێك وەك (فەرتەنەو عەبەی سنووراداش)و..هتد، بدوێم و ئاخاوتن بکەم، لێ لە واقیعدا زۆر بە گوناەو کوفرم زانی کە ئاستی بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆم دابەزێنمە ئاستێك کە تەنانەت ئاستی رەخنەگرتنیش بێت لەو جۆرە بەرهەمانە، چونکە (ئەز) زۆر بە گوناەو کوفری دەزانم کە مەهزەلەو مەخسەرەی بە ناو کۆمێدی، بە کاری هونەری کۆمێدیی دابنێم، تا بێم رەخنەیان لێبگرم.

ئەم گرفتە لە سترەکتووری هونەری کۆمێدیی کوردیدا، گرفت و کێشەیەکە، رێکەو راست بەستراوەتەوە بە دوو فاکتەری خودییەوە، لە پاڵ ئەو فاکتەرە بابەتییانەی کە ئاماژەمان پێدان، یەکەم هۆکاری کەمیی دەقی خۆماڵیی بەهێزو پێشکەوتووانە، دووەمیش تەنگژەی کارەکتەرو دەرهێنەر، ئەز ئەمەی دووەمیان بە کاریگەرتر دەزانم، چونکە ئەگەر ئەوەش راست بێت کە (ئێمە) دەقی خۆماڵیی باشمان کەمە، لێ دەقی باش بەهێزی دەرەکی زۆرن و بەشێکی باشیان وەرگێڕدراونەتە سەر زوبانی کوردیی.

ئەوە لە پاڵ ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند دەقێکی بەهێزی وەك (ئێوارە پەروانە)و (دواهەمین هەناری دونیا)و..هتد، هاتنە بەرهەم، بە وەرگرتنی ئەو رەخنەو سەرنجانەی کە لە سەریان هەیە، لێ ئەوە نابێتە ئارگومێنتی سوود لێ وەرنەگرتنیان بۆ کاری بە پێزو ئەرێییانەی ئەم هونەرە، ئەم دوو دەقە بە لای منەوە، دەگەڵ هەبوونی تێڕوانینی فیکریی تایبەتم بۆیان، لێ دوو بەرهەمن بونیادو بنەمای کولتووری و فیکریی بەهێزو پۆزەتیڤانەیان لە پشتەوەیە.

سەبارەت بە فاکتەری دووهەمیش، بە راستی ئەم زانرە، یان ئەم ئۆرگانە کولتوورییەمان زۆر بە خراپی دەگەڵیاندا دەرگیرە، چونکە وەك لۆژیك و وەك خەسڵەتێکی بابەتییانەی هونەری کۆمێدیی، هەمیشە لە بارباوونی هەلومەرج و دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان، هاندەری سەرەکی و لە پێشەوەیی، چێبوون و دەرکەوتنی کارەکتەرو دەرهێنەری هۆشیارو خاوەن هەڵوێست و پابەندیخوازە-ملتزم-کەچی ئەم لۆژیکە لەوێستای واقیعی کوردییدا پێچەوانە بووەتەوە، بە لەبەرچاو گرتنی چەندێك لە دەرهێنەرو کارەکتەر نەبێت، کە لە بازنەو لە ژێر سێبەری کۆمەکە مادی و راگەیاندنی و تەکنیکییەکانی دەزگای هونەریی دەسەڵاتە سیاسییەکەدا، کاردەکەن و بەهرە مەندن، ئیدی ئێمە بە درێژایی (١٢) ساڵی تا ئێستای ئەم قۆناغە، کارەکتەرو دەرهێنەرێك نابینین کە هەوڵیدابێت، یان هەوڵبدات لەو دیوی دیوارەکانی دەسەڵاتەوە خۆی دروستبکات و هونەری کۆمێدیی خۆی گەشە پێبدات، کە ئەوە مەرجێکی گرنگی گەشەکردنی هونەرەکەیەتی، وەك هونەرێکی سەربەخۆو پابەندیخواز، کە رەخنەکانی، کە سەرنج و توانجە کۆمێدییەکانی، بە دووربن لە دانانیان لە خانەی ئەوەی کە پێدەگوترێت؛ (خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوە). ئەم حاڵەتە تراژیدیا بارەی هونەری کۆمێدیی سینەما و شانۆی کوردیی، هێند رۆچووەتە خوارێ، بۆیە لێرەدا (ئەز) جارێکی دیی ئەو گۆتەیە دووبارە دەکەمەوە؛ (کە کولتووری کۆمێدیاگەریی جیهانیش، زۆر بە دەگمەن نەبێت لە بنەما و ریتمە دینامیکی و سروشتییەکانی خۆی دەرناچێت، واتە بەرجەستە بوون و هەڵگرتنی دروستی حاڵەتە مرۆییەکانی کۆمێدیا خوازیی و، وەستان و چەقبەندیی لە سەر کەرەستە سروشتی و مۆراڵییەکانی کۆمێدیا، نەك پێچەوانەکەی)..

بەدرخان

پاش ئەوەی کاك محەمەد راشکاوانە لە سێ ئەڵقەدا ئەوەی ویستی درکاندی..ئێمە چاوەڕوانی بۆچوونی سینەماکارانی کورد دەکەین و بەتایبەت ئەو بەژێزانەی سەرقاڵی هونەری کۆمیدیین، لاپەڕەکانی بەدرخان والایە بۆ بەرگریی کردن لەخۆتان وتیشك خستنە سەر راستییەکان.